پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژووی دەشکاند پێش ئەوەی نوێژ بکات بە سێ خورمای تەڕ

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژووی دەشکاند پێش ئەوەی نوێژ بکات بە سێ خورمای تەڕ، ئەگەر خورمای تەڕ نەبووایە؛ بە سێ خورمای وشک، وئەگەر خورمای وشک نەبووایە؛ چەند قومێکی کەم ئاوی دەخواردەوە».

[حەسەنە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژووی دەشکاند بە خواردنی سێ خورمای تەڕ پێش ئەوەی نوێژی مەغریب بکات، ئەگەر خورمای تەڕ نەبووایە؛ بە سێ خورمای وشک ڕۆژووی دەشکاند، وئەگەر خورمای وشک نەبووایە؛ بە چەند قومێکی کەم ئاوی دەخواردەوە وڕۆژووەکەی دەشکاند، دەستپێکردنی ڕۆژوو شکاندن بە خورما یان ئاو گونجاوە چونکە ڕۆژووگر گەدەی بەتاڵە بۆیە نابێت بە خواردنی قورس وچەور دەستپێبکات چونکە زیان بە گەدەی دەگات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6185